# ئازار شکێن لە ژانی منداڵبووندا: بژاردەکان جیاوازیان چیە؟

| شێوازەکانی دەرمان پێدان | ئەنتۆنۆکس (غاز و هەوا) | پێتیدین یان دایامۆرفین دەرزیلێدان | نەخۆش- کۆنترۆلکراو بێهۆشکەری دەماری (PCIA) | بێهۆشکەر لە بڕبڕە یان پێکەوە دەرزی لە بڕبڕە (CSE) |
|---|---|---|---|---|
| ئەمە چیە؟ | تێکەڵەیەکی گازی لە دوانۆکسیدی نایترۆس و ئۆکسجین. | پێتیدین یان دایامۆرفین لە ماسولکەی باڵ یان قاچ دەدرێت. | بڕێکی کەم لە فێنتانیل یان رێمیفێنتانیل لە رێی پەمپێکەوە بە دڵۆپە دەکرێتە ناو دەستت. | بێهۆشکەری نیوەیی و ئازارشکێن دەدرێت لەرێی بۆریەکی بچوکەوە بۆ ناو پشتت بۆ سڕ کردنی هەستە دەمارەکان. لەوانەیە ئەم دەرمانە نەنوسرێت لە سەرەتا یان کۆتایی ژاندا. |
| تۆ چی دەکەیت؟ | هەناسەدان بە دەمامکێکدا کە دەرچەیەکی هەیە. | دەرزی لێدان بۆ باڵت یان قاچت. | پەنجە بنێ بە دوگمەکەدا بۆ ئەوەی بڕێك دەرمان وەبگریت هەرکات هەستتکرد کرژبوون دەست پێدەکات. | بەبێ جوڵە دابنیشە و خۆت کۆبکەوە بۆ ماوەی پێنج بۆ ١٠ خولەك کاتێك بۆریەکە دادەنرێت. |
| بڕی چەند لە ئازار شکێن؟ | پارەمتیی مامناوەند. | زۆرجار سوکە. لەوانەیە دوودڵی کەمبکاتەوە. | بڕی ئازار شکێنەکە جیاوازە. خانمانیش زۆر جار پێویستیانە ئەنتۆنۆکس بەکاربێنن. | بەگشتی زۆر باشە. لە هەر ١٠ حاڵەتێکدا، لەوانەیە کاری خۆی نەکات و پێویست بە گۆڕین بکات. |
| چەندی پێدەچێت تا کاری خۆی بکات؟ | دەستبەجێ. | ٥ خولەك بۆ ئامادەکردنی دەرزیەکە، پاشان ٣٠ خولەك بۆ ئەوەی دەرمانەکە کاری خۆی بکات. کاریگەریەکەی چەند کاتژمێرێك دەمێنێتەوە. | ١٠ بۆ ١٥ خولەکی دەوێت بۆ ئامادەکردن بەڵام لەماوەی چەند خولەکێکدا کاری خۆی دەکات. | ٢٠ خولەکی دەوێت بۆ ئامادەکردن. پاشان ٢٠ خولەک تا بێهۆشکەری بڕبڕەکە کاری خۆی بکات (CSE لەمە خێراتر دەبێت چونکە تۆ دەرزی بڕبڕەشت دەبێت). |
| هیچ رێککاریەکی تر هەیە؟ | هیچ. | هیچ. | ئاوت بۆ هەڵدەواسرێت. لەوانەیە شاشەیەکی پشکنینت لێ ببەسترێت بۆ ئاگاداربوون لە لێدانی دڵی منداڵەکەت. پشکنینی ئاستی ئۆکسجینت. لەوانەیە پێویستت بە ئۆکسجینی زیاتر بێت. | ئاوت بۆ هەڵدەواسرێت. لەوانەیە بۆری میزت بۆ دابنرێت. لەوانەیە شاشەیەکی پشکنینت لێ ببەسترێت بۆ ئاگاداربوون لە لێدانی دڵی منداڵەکەت. |
| مەترسیەکان لەسەر منداڵەکە؟ | هیچ. | لەوانەیە هەناسەدان خاو بێت. لەوانەیە سەرگێژخواردن رووبدات و لە سەرەتادا خواردن پێدان سەخت بێت. | لەوانەیە هەناسەدان لەسەرەتادا خاو بێت. | لەوانەیە پەستانی خوێنت دابەزێت و ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر لێدانی دڵی منداڵەکە ئەگەر چارە نەکرێت. |
| کاریگەریە لاوەکیەکان لەسەر دایك؟ | هەندێك دڵ تێکەڵاتن. لەوانەیە هەستێکی سەیروسەمەرەت بۆ دروستبێت. لەوانەیە | هەستکردن بە خەواڵوویی یان رشانەوە. رێژەی هەرسکردنی خۆراك دوابخە بۆ ئەوەی هەست بە تێری بکەیت. | هەستکردن بە خەواڵوویی یان رشانەوە. هەناسەدانی خاو- دەبێت بوەستیت لە بەکارهێنانی ئەگەر وات لێبکات زۆر | دابەزینی پەستانی خوێن باوە. سەختی لە میزکردندا. سەر ئێشەی توند (یەك لە ١٠٠ خانمدا). |

کردنەوەی پارێزراوە ٢٠١٦، دەستەی بێهۆشکارانی منداڵبوون ٢١- پۆرتلاند پلەیس، لەندەن، W1B 1PY، شانشینی یەکگرتوو
٤٤٠٢٠٧٦٣١٨٨+، فاکس: ٤٤٠٢٠٧٦٣١٤٣٥٢+، ژمارەی خێرخوازیی تۆمارکراو: ١١١١٣٨٢، ژمارەی تۆمار: ٥٥٤٠٠١٤

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ماندوت بکات و دەمت وشک بکات. | لەوانەیە هەناسەدانت خاو بکاتەوە. | هەست بە خەواڵوویی بکەیت. وەستان لە هەناسەدان یان خاوکردنەوەی لێدانی دڵت (دەگمەن). | بەرزبونەوەی پلەی گەرمیی لەش. زیانلێکەوتنی کاتی بە هەستە دەمارەکان (یەك لە ١٠٠ خانمدا). زیانلێکەوتنی هەمیشەیی بە هەستە دەمارەکان (یەك لە ١٣،٠٠٠ خانمدا). ئاڵۆزیی سەخت (یەك لە ٢٥٠،٠٠٠ خانمدا). |
| **کاریگەری لەسەر ژان و منداڵبوون؟** | هیچ. | هیچ. | لەوانەیە ببێتە هۆی پێویست بوون بە گیره. | لەوانەیە وابکات زەحمەت بێت بۆت بتوانیت پەستان لەخۆت بکەیت. لەوانەیە ببێتە هۆی پێویست بوون بە گیره. |

| میتۆدە جەستەییەکان | حەوزی ئاو | TENS | چارەسەری جێگرەوە |
|---|---|---|---|
| **ئەمە چیە؟** | حەوزێکی ئاوی لەدایکبوون یان بانیۆیەك پڕکرابێت لە ئاوی گەرم | کزە تەزوویەکی کارەبا بۆ ناو پارچە کانزایەك لەسەر پشتت. | دەرزی ئاژنین، پەستاوتنی خاڵە پەستانیەکانی جەستە، چارەسەر بە خەواندنی موگناتیسی. |
| **تۆ چی دەکەیت؟** | لە کاتی ژانەکەتدا لە ناو ئاوەکەدا پاڵبکەوە و هەندێك جار لە کاتی منداڵبونەکەدا. | تۆ بە دوگمەیەك هێزی تەزووە کارەباکە کۆنترۆڵ دەکەیت. | پێویستە لەکاتی منداڵبوونەکەدا چارەسەرسازێکت لەگەڵ بێت. |
| **پری چەند لە ئازار شکێن؟** | لەوانەیە یارمەتیدەرت بێت لە هێوربوونەوە و کەمکردنەوەی ئازاری ژانەکاندا. | کز. هەستی ختوکەدان یارمەتیدەرە لە کەمکردنەوەی ئازاردا. باشترینە بۆ کەمکردنەوەی ئازار پشت لە سەرەتای ژاندا. | لەوانەیە یارمەتیدەرت بێت لە هێوربوونەوە و کەمکردنەوەی ئازاری ژانەکاندا. |
| **چەندی پێدەچێت تا کاری خۆی بکات؟** | دەست بەجێ | پێنج خولەك بۆ دانانی پارچە کانزاکان و ئامادەکردن. | لەگەڵ دەستپێکردنی چارەسەرسازیەکەدا کاری خۆی دەکات. |
| **هیچ ڕێککاریەکی تر هەیە؟** | هیچ. | هیچ. | هیچ. |
| **مەترسیەکان لەسەر منداڵەکە؟** | کێشەکانی هەناسەدان و هەوکردن لە ئاوەکەدا (دەگمەن). | هیچ. | هیچ. |
| **کاریگەریە لاوەکیەکان لەسەر دایك؟** | هیچ. | هیچ. | هیچ. |
| **کاریگەری لەسەر ژان و منداڵبوون؟** | هیچ. | هیچ. | هیچ. |

© مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ٢٠١٦، دەستەی بێهۆشکارانی منداڵبوون ٢١- پۆرتلاند پلەیس، لەندەن، W1B 1PY، شانشینی یەکگرتوو. تەلەفون: +٤٤٠٢٠٧٦٣١٨٨٨٣ فاکس: +٤٤٠٢٠٧٦٣١٤٣٥٢
ژمارەی خێرخوازیی تۆمارکراو ١١١١٣٨٢ ژمارەی تۆمار: ٥٥٤٠٠١٤ (ئینگلتەرا) بەرواری بڵاوکردنەوە ٥/تشرینی یەکەم/٢٠١٤، وەشانی ٤ تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕش بکە: http://www.labourpains.com که لەلایەن OAA یەوە بەڕێوەدەبرێت و سەرچاوەی بەسودی تێدایە بۆ خانمانی دووگیان و زانیاریشی تێدایە لەسەر کەمکردنەوەی ئازاری ژان.
ئێمە سوپاسگوزاری ڕێکخراوی خێرخوازیی وەرگێڕکارانی بێسنورین بۆ دابینکردنی ئەم وەرگێڕانە بۆمان.

TRANSLATORS WITHOUT BORDERS
Access to Knowledge Award Winner